هەر ئەم ڕستەیە کە لە زاری سیاسەتمەدارێک گوازراوەتەوە، بە باشی پیشاندەری بایەخ و دەسەڵاتی سینەمایە. سینەما ئامێرێکی باشە بۆ پڕوپاگەندە و خستنەڕووی ڕوانگەکان و هزرە سیاسی، کۆمەڵایەتی و تەنانەت هزرە ئابوورییەکان. هەر لەم ڕووەوەیە کە هەندێک جار سینەما لایەنی بەرانبەری (واتە بینەر) بەرەو چەواشەکردن دەبات و لە بازنەی پڕوپاگەندەی بەرفراوانیدا دیلی دەکات؛ بەڵام سەرباری ئەمەش سینەما خزمەتێکی زۆر و شیاوی بە زانستە جیاجیاکان کردووە، هەر لە زانستی پزیشکی و ئەلەکترۆنیکی و جوگرافیاوە بگرە تا دەگاتە زانستی فیزیا، کیمیا و مێژوو. سینەما ئەو ئامێرە بیستراو و دیتراوە سەرنجڕاکێشەیە، کە گەورەترین کاریگەریی هەیە لە دروستکردنی خەون و خەیاڵ و خوڵقاندنی کەسایەتیی خۆشویستراو، کەسایەتیی سۆزبزوێن، یاخود کەسایەتیی ڕقهەستێندا. دواجار سینەما گەورەترین کاریگەریی لە خوڵقاندنی هەستی قووڵی مرۆڤدا هەیە، لە عیشق و سۆزەوە بیگرە تا دەگاتە ڕق و ترس.

ئیدی سینەما ئامرازێکی سانا بۆ سەرگەرمی و سەرقاڵکردن نییە. سینەما هەنگاوی زۆر زیاتری بۆ پێشەوە هەڵگرتووە و ئەزموون پیشانی داوە، کە ڕەچاونەکردنی سینەما لە لایەن بینەرانی ئاسایی، یاخود سیاسەتدارێژەرانی کۆمەڵایەتی، کولتووری و سیاسییەکانی کۆمەڵگە جیاجیاکاندا کارێکی ناعەقڵانییە.

## کەش (فەزا)ی سینەمایی

کەشی سینەمایی هەمان کەش و بازنەیە کە لە فیلمدا دەخوڵقێت و پەیوەندیی بە دنیای دیتراو، یان جیهانی عەینییەوە

کۆن و مردووەکانەوە خۆی تازە دەکاتەوە و خۆی پاک دەکاتەوە. زاراوەی «دووبارە سوڕانەوە» (recycling) میتافۆڕێکە لە بنەڕەتدا لە زانستە سروشتییەکانەوە وەرگیراوە، زۆر بە وردی ئەو سیاسەتە ئابوورییە وەسف دەکات کە کولتووری هاوچەرخ پەیڕەوی دەکات، چونکە بۆ نموونە جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە لە نێوان دەق (text) و دەقی پەراوێزدا (Para text)، (لە نێوان ڕەخنەو ئەو نووسینانەی کە لەسەر بەرگی کتێبەکان بڵاو دەبنەوە). هەندێک لە پەیمانگەکانی هونەر و ڕیکلام کار بۆ ئەو سیاسەتە ئابوورییە دەکەن کە وەک پێویستییەکی بازاڕی شمەکە کولتوورییەکان هاتوونەتە ئاراوە. ئەو دەزگایانە ڕیکلام بۆ بەرهەمە کولتوورییەکانی خۆیان و دابەشکردنی ئەو بەرهەمانە دەکەن، هەندێک جار لە ڕێگەی فریودان و هەندێک جار لە ڕێگەی پڕوپاگەندەی چڕوپڕەوە، هەندێک جاریش لە ڕێگەی گۆڕانکاریی بەردەوام لە تۆڕەکانی دەلالەتی بەرهەمی هونەری و شێوازەکانی گوتاردا(٢٩).

ستۆدیۆکانی هۆلیوود نموونەیەکی ئاشکرای بازاڕی بەرهەمهێنان و ڕیکلامی کاڵای ڕەمزی و ئیستاتیکین. ئێستا پیشەسازیی وێنەی بزۆک و سیناریۆی پشت سیناریۆکان، چیرۆکی ژیانی واقیعی ئەستێرەکان لە پشت چیرۆکی خەیاڵیی فیلمەکانیانەوە، لە تەک پیشەسازیی بەرهەمهێنانی کاڵا ماددی و بەرژەوەندییە سیاسییەکاندا ئەزموون دەگۆڕنەوە. زۆر جار پەنا دەبرێت بۆ دزەپێکردنی هەواڵی ژیانی ڕۆژانەی ئەستێرەکانی سینەما، هەواڵی دواهەمین بەرهە نوێیەکانیان، هەواڵی پەیوەندییە سۆزداری و سێکسییەکانیان. پەنا دەبرێت بۆ شێوازە جیاوازەکانی ڕیکلام و تیشکخستنەسەر فیلمە تازە بەرهەمهاتووەکان، پاشان ڕەخنەگری کۆمپانیاکان لای خۆیانەوە

زیندووکردنەوەی ئەو جوانییانەی کە بە لۆجیکی بازاڕ، وەک شمەکە ئابوورییەکان کاتیان بەسەر چووە و فڕێ دراون. ئەگەر ئیستاتیکای مۆدێرنیزم هەمان ستراتیجی ئابووریی بازاڕی دنیای مۆدێرن پەیڕەو بکات، ئەوا پۆستمۆدێرنیزم ئەو دۆخەی تێپەڕاندووە و گەیشتووەتە ئەو قۆناغەی کە برێخت ناوینا «سەرلەنوێ بەگەڕخستنەوە» (refunctioning) یان خۆبەدەستەوەنەدان (Cunning)، بەو مانایەی دەکرێت سەرلەنوێ کەلەپوور زیندوو بکرێتەوە»(٣٢). واتە ئەگەر ڕستەیەک لە فەرهەنگی سەربازی قەرز بکەین، دەکرێت بڵێین: پۆستمۆدێرنیزم لە خاکی خۆیدا دژی مۆدێرنیزم ناجەنگێت، بەڵکو لە خاکی دوژمنەکەیدا ئەو کارە دەکات و هەمان چەک و جبەخانەی تۆزلێنیشتووی ئەو بەکار دەهێنێتەوە، بەوەش هەم کات و هەم وزەی زیاتری بۆ دەگەڕێتەوە.

«ولیام سیتس» ئەم ستراتیجە لە بواری هونەری شێوەکاریدا ناو دەنێت «هونەری کۆکردنەوە». ساڵی ١٩٦١ مۆزەخانەی هونەریی مۆدێرن لە نیۆیۆرک پێشانگەیەکی بۆ ئەو شێوازە نوێیەی هونەر کردەوە، «سیتس» لە پێشەکیی نامیلکەی ناساندنی پێشانگەکەدا نووسیی: «ڕەوتی هونەری کۆلاج و پێکەوەلکاندن کە ئەمڕۆ بەدی دەکرێت، ئاماژە بە وەرچەرخانێکی هونەری دەکات کە هاوتەریبە لەگەڵ هەڵمەتەکانی ژینگەپارێزیدا»(٣٣). «جاک دێریدا» هەمان ستراتیج لە ڕەخنەی ئەدەبیدا پەیڕەو دەکات، کاتێک دەڵێت: «گریمانەیەک کە سوورم لەسەری: هەموو هێما و نیشانەیەک، زمانەوانی بێت یان نا، نووسراو بێت یان گوتراو... لە یەکەیەکی بچووکدا بێت یان گەورە، دەکرێت دەربهێنرێت (be cited) و بخرێتە نێوان دوو کەوانە: بەمەش دەشێت لە سیاقی خۆی دەربچێت و بێکۆتا سیاق بەرهەم

کاسارسا وەک شاعیرێک دەرکەوت، لە ڕۆمادا جێگیر بوو و ناوبانگی دەرکرد. یەکەم جار وەک شـاعیـر، ڕۆمـانـنـووس، وتارنووس و پاشان وەک فیلمساز و لە دواییشدا وەک لێکۆڵەری سیاسی کە گەلێک چەندوچوونی ورووژاند.

لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧٥دا، لە ئەنجامی تیرۆرێکی دڕندانەدا (پێدەچێت گەنجێکی هۆمۆ کردبێتی) کۆتایی بە ژیانی پیاوێک هات کە لەو کاتەدا نەک وەک شاعیرێکی زۆر دیار، بەڵکو وەک یەکێک لە بیرمەندەکانی ئەورووپای ئەو قۆناغەی دوای جەنگی جیهانی تەماشا دەکرا.

پازۆلینی لە ئیتاڵیادا پێگەیەکی هەیە دەشێت بە پێگەی سارتەر لە فەرەنسادا بەراورد بکرێت. پازۆلینی لە گۆڕستانە چکۆلەکەی کاسارسادا بە پاڵ دایکی و هەندێک لە کەسوکاریدا نێژراوە.

دایکی مامۆستایەکی خوێنشیرینی قوتابخانە و ژنێکی بە ئەسڵ گوندی و خاکیی ناوچەی فریولی بوو؛ بەڵام باوکی لە بنەماڵەیەکی نیمچەخانەدانی لاڤینایە، دوای ئەوەی میراتییەکەی باوکی بەهەدەر دا، پەیوەندیی بە سوپاوە کرد. دەبوو پازۆلینی بەو مووچە کەمە بژیی کە باوکی وەریدەگرت. پازۆلینی ساڵی ١٩٢٢ لەدایک بوو، «ئەو ساڵەی کە مۆسۆلینی گەیشتە دەسەڵات» وەک وردەبۆرژوایەک منداڵیی بەسەر برد کە خۆی ناوی لێ ناوە «هەژارییەکی خانەدانانە».

جیاوازی نێوان ڕیشە کۆمەڵایەتییەکەی باوک و دایکی جیاوازیی تری (مەزاجی و فیکری) لێ کەوتەوە، کە وەک ئەنجام بە جیابوونەوەیان کۆتایی هات و ئەمەیش بۆ ماوەیەکی زۆر کاریگەریی لەسەر دوالیزمی ڕوانینی پازۆلینی دانا لەسەر دنیا. بەپێی قسەی نیکونالدینی ئامۆزای پازۆلینی، هاوسەرگیرییەکە سەرکەوتوو نەبووە، سۆزانای دایکی خۆشەویستییەکی زۆری

هەموو ئەمانە تەواو لە یەکتری جیاوازن، ئەمەیش هۆشیاریی چینایەتی تیا قووڵ کرد و لە گەوهەرە بۆرژوازییەکەی خۆی بە تەواوی تێگەیشت. دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر، دیدی بۆ ژیانی گوندنشینان خەسڵەتێکی میللییانەی وەرگرت. «بە سۆز و سۆشیالیستییەکی شاراوەوە کە زیاتر لە ڕۆمانسیەت دەچوو» چەندە ئەو سۆشیالیزمییەی لەگەڵ عەشقە زمانییەکەدا کاریان لێک دەکرد، لایەنی ڕەمزی یان تەمومژیی شیعرەکانی زیاتر بەرەو پووکانەوە دەچوون، تەنانەت تا ئەو کاتەی کە بیروباوەڕە کۆنەکەی لە پاشەکشەدا بوو، «فۆڕمی کۆمەڵایەتییەکی واقیعیانەتر» جێگەکەی گرتەوە. وردەوردە بەکارهێنانی شێوەزمان بوو بە مەبەستێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی زیاد لەوەی ئیستاتیکی بێت. هەرچەندە ئەو فریولییەتی وەک «زمانی تایبەتیی شیعر» هەڵبژارد، بەڵام تێکەڵبوونی بە فریولییەت کاریگەرییەکی زۆری هەبوو: «لەو ڕێگەیەوە توانیم تا ڕادەیەک واقیعی جووتیارەکان تێبگەم، دیارە لە سەرەتادا بە شێوەیەکی ناکامڵ و بە ڕێگەی ئیستاتیکدا لێی تێگەیشتم، بەڵام دوای ئەم هەنگاوە نەمتوانی بوەستم، شێوە زمانە ناوچەییەکەم نەک وەک ئەنگێزەیەکی ئیستاتیکی–شیعری، بەڵکو زیاتر وەک ڕەگەزێکی بابەتی و واقیعی بەکار هێنا. ئەمە لە ڕۆمانەکانمدا گەیشتنە لووتکە، کاتێک شێوەزمانی ناوچەی ڕۆمام بە جۆرێکی تەواو جیاواز لەو شێوەزمانەی فریولی سەرەتام بەکار هێنا. بە هۆی دەربەستبوونی پازۆلینی بە فریولییەوە و زیادبوونی هۆشیارییە کۆمەڵایەتییەکەی، لە ماوەیەکی کەمدا پەیوەندیی بە کۆمەڵێکەوە کرد کە تەواوی هەوڵ و کۆششی خۆیان بۆ ئەوە تەرخان کردبوو فریولی ببێتە زمانێکی سەربەخۆ، هەر لە هەمان کاتدا ئامادەی کۆبوونەوەی دەستەیەکی کۆمۆنیستی دەبوو. لە ساڵی

دانانرێن، بەڵکو بوون و ژیانێکی سەربەخۆیان هەیە. شریتی دەنگیی بەرهەمەکانی برسۆن، خۆی لە خۆیدا بەرهەمێکی هونەری بێ ئەڵتەرناتیڤن. برسۆن لە بارەی دەنگەوە (وەک وێنە) بنەمای کورتی لە دەربڕین و شێوازی ئاماژە و کورتبێژیی بەکار هێناوە، لەم ڕێگەیەوە ڕۆیشتن بەرەو ئەبستراکتی درێژە پێ داوە. بە بڕوای ئەو دەنگ و وێنە دوو ڕەگەزی جیاوازی فیلمن، هیچیان نابنە جێگری ئەوی دیکەیان: «دەنگ هەرگیز پشتیوانیی وێنە و وێنەش هەرگیز پشتیوانیی دەنگ نابێت». لێرەوە سوودوەرگرتنی برسۆن لە «دەنگی دەرەکی»، تەفسیرەکان نابێت وەک یارمەتیدانێک بۆ وێنە ببینین. ڕەنگە بە بەکارهێنانی ئەم تەفسیرانە وێنەکە سادەتر و کورتر پێشکەش بکرێت، یان هەڵبژاردنی ڕەگەزە سەرەکییەکانی وێنە ئاسانتر ئەنجام بدرێت، یاخود تەنانەت ماهییەتەکەی بگۆڕێت؛ بەڵام ئەمە دەرئەنجامی بەکارهێنانی دروستیی دەنگە. بەهەرحاڵ دەنگ تەواوکەری وێنە نییە و هۆی ئەنتۆلۆجی ستاتیکانەی خۆی هەیە.

هەر لەبەر ئەمەش لە سێ فیلمی برسۆندا، کە دەنگی دەرەکی گرنگییەکی زیاتری هەیە: واتە یادەوەرییەکانی قەشەکەی لادێ، سزادراوێک بە مردن ڕایکردووە و جیب ئیر، بەکارهێنانی نەک لەبەر ئەوەی ڕەگەزەکانی وێنە توانای دەربڕینی «بابەتەکەیان» نەبووە، بەڵکو لەبەر هۆیەکی دیکە پێویست بوو: گەیشتن بە زمانێکی ئەبستراکت (تجریدی). لەم حاڵەتانەدا دەنگی مرۆڤێک کە دەق زۆر بە «وشکی و فەڕمی» بێ پیشاندانی هیچ هەژان و شەوقێک (بە شێوەیەکی تەسەنوعی) دەخوێنێتەوە، دروستکەری شێوازێکی ئەبستراکتە کە بۆ تێگەیشتن لە کەسایەتیی سەرەکی و دۆزینەوەی پەیوەندیی کردارەکانی بە ویژدانییەوە پێویست و ناچارییە.

نەکەین و فیلمی یادەورییەکانی قەشەی لادێ بە یەکەم فیلمی مێژووی سینەما نەزانین، کە تیایدا وشەکان لە وێنە باڵاترن، بەڵام بە هەر شێوەیەک بێت دەبێت ددان بەوەدا بنێین کە دەرئەنجامی ئەم جیاکارییە (یان زنجیرە پلەیە) زۆر پرشنگدار بووە و کاری برسۆن هاوشانی هەوڵی چەند سینەماکارێکی بەرجەستەی ترە (ماکس ئەفولس، بەتایبەتی لە فیلمی نامەکانی ژنێکی نەناسراوداو ژان پویر ملویال لە خامۆشیی دەریادا).

میشێل شیون لە کتێبی دەنگ لە سینەمادا دەنووسێت: نموونەی برسۆن لە شێوەی بەکارهێنانی ئاخاوتندا بریتییە لە لەژێرلێوەوەقسەکردن. وەک ئەوەی پاڵەوانی فیلمەکە لەگەڵ خۆیدا قسە بکات و هیچ وەسواسێکی بەرانبەر تێگەیشتنی وەرگر یان تەماشاکەر نەبێت». کاتێک موشت یان میشێل جین ئیر شتێک لەژێر لێوەوە دەڵێن، سنووری نێوان قسەی دەروونی (وتووێژ لەگەڵ خودا) و ئاخاوتن وەک ئامرازێکی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەدا تێک دەشکێنێت. هەندێک جار لە جیهانی دەروونیی خۆیانەوە بەرەو جیهانی ئەوی دیکە هەنگاو دەنێن، هەندێک جاریش یەکسەر ئاخاوتن دەچێتە خزمەت دنیای دەروونییانەوە، بەڵام تەنانەت لە حاڵەتی یەکەمیشدا، واتە لەو حاڵەتەدا کە زمان وەک ئامرازێک بۆ پەیوەندیکردن بەوانی دیکەوە بەکار هاتووە، دیسان خاڵی گرنگ نەک سروشتی دەربڕینی زمان، بەڵکو سروشتی شاردنەوەیەتی. کەسایەتییەکانی برسۆن وەک ئەوەی ئەو ڕستەیەی ئاندرێ مالرۆیان کردبێتە سەردێڕی خۆیان: «مرۆڤ ئەو شتەیە کە خۆی دەیشارێتەوە».

دەڵێن ئەکتەرەکانی برسۆن سارد بێهەست و بە یەک ڕیتم قسە دەکەن، ئەم ڕەخنەیە بناغەیەکی پتەوتر لە ڕەخنەی شێوەی دەوری مۆدێلەکان لە بەرهەمەکانی برسۆندا نییە، لە شێوازی

نمایشی دادگای ژان ئارکدا هێشتا سەرسوورهێنەر دیار بوو، ئەمڕۆ ئاشناترە. فیلم بەم هاوسەنگییە دروستە لە نێوان وێنەو دەنگدا دەچێتە پێشەوە و بۆ ساتەوەختێک ئەم هاوسەنگییە تێک ناچێت. ئەم وردییە لە هەڵبژاردنی ئاخاوتن لە دادگای ژان دارکدا بە کەڵکی چیی هاتووە؟ برسۆن بە وردبینی پرسیاری قەشەکان و وەڵامەکانی ژان دارکی بەکار هێنا، تا لە بەرانبەر مەزهەبی بەدەزگاییبووی پرسیارکەراندا (ئەوەی کیرکگارد بە نەفیکردنی ئیمانی داناوە) باوەڕ و ئیمانی تاکەکەسی، سروشتی و سادە و قووڵیی کچە گەنجەکەیان بەرجەستە کردووە. وشە کۆنەکانی فیلمەکە کە ڕەنگی قسەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی هەیە، بووەتە هۆی دروستبوونی پێکهاتەی ڕستەگەلێکی جوان و ڕاچڵەکێنەر کە باوەڕی ڕوونی کچەکە پیشان دەدەن. لە کۆتایی یەکەم لێپرسینەوەدا ژان دارک دەڵێت: «من هەموو ئەو شتانەم گوت کە دەیزانم، بەڵام نا، نەک هەموو شتێک. من لە لای خوداوەندەوە هاتووم و هەر چییەک دەیکەم بە فەرمان و ئیرادەی ئەوە. دەمەوێت بمگەڕێنەوە لای ئەو»؛ یان لە دانیشتنی دووەمدا بەم شێوەیە هەڕەشە لە قەشەکان دەکات «بیر لەو شتە بکەنەوە کە ئەنجامی دەدەن و وریا بن! من لە لایەن خوداوەندەوە هاتووم و ئێوە خۆتان ڕووبەڕووی مەترسییەکی مەزن کردووەتەوە. مـن بڕوام بە بەخشینی خوداوەند هەیە»؛ یان لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا بەڕاست ڕەحمەت و فەیزی خوداوەند دەناسێت، دەڵێت: «ئەگەر شایستەی بەخشینی خوداوەند بم، هیوادارم لەم پلەیدا بمێنمەوە، ئەگەر شایستەشی نەبم هیوادارم بۆ ئەم بەخشینە ڕێنماییم بکات». لەم دۆخەدا دەنگی خشەی قەڵەمی نووسەر بەسەر کاغەزەکەدا و نیگای کوشۆن بۆ داوەرەکان و قەشەکان لە حوکمی ستایشی هێزی قسەکانیدایە.

بازاڕی یەکەی ڕۆژئاوای ئەورووپا، گەیشتن بە بازاڕی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا برەوسەندنی سیستمەکانی بڵاوکردنەوەی وێنەکانی ڤیدیۆ (ئێلاسێرا ١٩٨٩ گووپەک١٩٨٧:٩ و ئیسکۆ ١٩٩٤:٢٢٠و٢٢٤)؛ بەڵام ئەگەر زاڵبوونی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی ئابووریی بازاڕی جیهانیی هۆلیوود واقیعێکی حاشاهەڵنەگرە، بۆچی ئەم زاڵبوونە بووە هۆی نیگەرانی دەوڵەتەکان؟ بۆچی ئەو پرسیارانەی کە لە خۆیاندا پرسگەلێکی پیشەیین، بوون بە هۆی نیگەرانیی فەرهەنگی و کولتووری؟ ئەم زاڵبوونە باس لە چ چەشنە «هەڕەشەیەک» دەکات و بەڕاست چ شتێک دەکەوێتە مەترسییەوە؟

## ئیمپریالیزمی کولتووری

وڵاتانی پەراوێزکەوتوو (ئەوانەی ئێستا جیهانی سێیەمن) لە دەورانێکدا بە درێژایی هەزارەیەک، بیروڕا و کاڵاکانیان گۆڕیوەتەوە. ڕایەڵەکانی گۆڕینەوەی زانیاری و دانوستانی بازرگانی، تا سەدەی پازدەیەم پانتاکانی ئۆقیانووسی ئارام، ئاسیا و دەریای ناوەڕاست و ئەفریقای پێکەوە گرێ دەدایەوە، لە ماوەی ئەم سەدانەدا بوو کە کۆیلەیەتی، سیستمی سەربازی، تەکنۆلۆژیا و ئێمپریالیزمی ئەورووپا کەوتە بیری ئەوەی ئەم ڕێگەی پەیوەندییانە بپچڕن. پەیوەندی نێوان کیشوەرەکان ئارامئارام گرێ درایەوە بە ئەورووپاوە، وەک کیشوەری ناوەندو ئەورووپا بوو بە پردی پەیوەندی نیوان جیهان. ئایدیۆلۆژیای تازەش هاتنە گۆڕێ. سەرێتیی نەژادی و پەیامی مەسیحییەت بەوەی لایەنگرانی دینەکانی تر ببن بە مەسیحی (هیم لینگ ٢٢٣- ١٩٩٠:٤). ئیتر کولتوور و زانیارییەکان بوو بە خاڵی گرنگ لای ئیمپراتۆری ئەورووپا. تەکنۆلۆژیا و چیرۆکبێژیی

مەبەستی بەرجەستەکردنی کارەکتەرەکەی لە زەمەن و دیکۆرو ڕووداوەکان کە لە دەقەکەدا هاتووە.

کارکردن لە سینەمادا قازانجێکی زۆری هەیە، وا پلانی بۆ دانراوە کە لە میانەی کامێراوە بەجێ بهێنرێت و لەگەڵ ئەوەی دەرهێنەر، دواتر لەگەڵ وێنە خامەکەدا دەیکەن، ئەکتەر لە شانۆدا دوو-سێ سەعاتی بە دەستەوەیە گەشە بە کارەکەی بدات، لە کردەی یەکەمیدا پەرە بە سۆزی دەدات بە مەبەستی دەستپێکردنی کردەکانی داهاتووی. بەدەر لە شانۆ، هێمنییەکی ئارامبەخش دەوری ئەم سێکوچکە شانۆییەی داوە: دەق، ئەکتەرەکان، بینەر. لە کاتێکدا ئەکتەر لە میانەی کردارە شانۆییەکانەوە و بە هۆی کاردانەوەوە بینەر گەشە دەکات و بەئاگابوونی قووڵتر دەبێت، ئەویش بە هۆی پێکەنینەوە بێت، یان لە میانەی بێدەنگییەوە. بە هۆی ئەم بەدەنگهاتنەوەیە شتێک لە نواندنی دەگۆڕێت و هەر لە میانەی پەردەهەڵماڵین لەسەر خودی خۆی لە دەورەکەیدا، دەتوانێت بە ئاسانی هەست بە حەساسییەت و پەرتبوونی بینەر بکات لە کاتی بەرجەستەکردنی کارەکتەرەکەیدا، یان چیرۆکەکەدا. لە سینەمادا ئەکتەر وەک سیلویت بەسەر شاشەوە دەبینرێت، ڕەنگە هەر خۆی (واتە هەمان ئەکتەر) لە فیلمێکی دیکە کار بکات، یان لە ماڵی خۆیدا سیناریۆیەکی دیکە بخوێنێتەوە، بۆیە ناتوانێت نە ئەدائی بگۆڕێت، نە بە دەمیانەوە بچێت. کاری ئەکتەر بەر لە چەندین مانگ، ئەو کاتەی چووەتە ستۆدیۆوە کۆتایی هاتووە، ئێستا تەماشای کارەکەی دەکەن و دەیخەنە ژێر کاریگەریی ئامێر و تەکنیکاری، بە مەبەستی ڕووناکردنەوەی قژی زۆرتر لەوەی سەرنجی ڕاستگۆیی کردار و سلوکەتی بدەن لە دیمەنەکەدا. ڕەنگە ئەکتەر چوار سەعات زیاتری لەسەر کورسیی ماکیاژکردن بردبێتە

لەگەڵ یەکدا ناکۆک بووبن)، لێرەدا پێویستە ئەکتەر تەرکیزێکی بەهێزی هەبێت، دەبێت توانایەکی خێرای هەبێت لە کاتی پرۆسەی نواندندا، پێویستە لەسەر هەموو ئەکتەرێک خۆی چارەسەری کێشەکە بدۆزێتەوە. ئەکتەری کەموێنەی وەک بول ماریونی لەو بارەیەوە دەڵێت: ئەکتەر پێویستی بە کۆششێکی زۆرتر هەیە، زەینی بخاتە کار بە شێوەیەک بگونجێت لەگەڵ دیالۆگەکەی بەرانبەر کامێرادا، پێویستە لەسەری خۆی بگونجێنێت لە حاڵەتی دیمەنی پێشووتری و کاریگەریی هەبێت بەسەر دروستیی سۆزدەربڕیندا، بەئاگابوون لە کاریگەرێتیی دیمەنی پێشووتر بە تەنیا ئەرکێکی زهنی نییە، بەڵکو ئەرکێکی جەستەیی و سۆزئامێزیشە، بە تەنیا گەیشتن بەوپەڕی سۆز گرنگ نییە، گرنگ جەستەیە. دەبێت جەستەش لەو ئاستەدا بێت لە کاتی چوونەناوەوەی کارەکتەرەکەدا لە کاتی نواندندا، ئەمەش کارێکی قورسە، بەتایبەت ئەگەر کارەکتەرەکە لە شوێنی وێنەگرتنی ناوەوە بۆ شوێنی وێنەگرتنی دەرەوە بجووڵێت، دیمەنەکانی ناوەوە لە کاتێکی دیاریکراودا وێنە گیراون، بەڵام وێنەگرتنی دیمەنەکانی دەرەوە لە کاتێکی دیکەدایە، لەوانەیە چەند هەفتەیەک لە نێوان وێنەگرتنی چوونەدەرەوەی کەسێک لە خانوویەکەوە، لە دیدی کەسێکی دیکەی ناو خانووەکەوە هەبێت، بەمەش دەبێت بونیادنانی سۆز لەو کاتەوە دەست پێ بکات کە کەسایەتییەکە لە ناو خانووەکەدایە، تا دوا سات کە لێوەی دەردەچێتە دەرەوە بۆ سەر شەقامەکە، دەبێت ئەکتەر درک بەو جۆرە گرفتانەی نواندن بکات، لە سینەمادا هەندێک لە ئەکتەرەکان بە هێمنی دادەنیشن و هەوڵ دەدەن توانای جەستەیان بخەنە کار، هەندێکی تریان بەدەم دیالۆگلەبەرکردنەوە دێنودەچن و خۆیان ڕادەهێنن لەسەر دیمەنەکە، ئەوانی تر یان یاریی وشەیەکتربڕەکان دەکەن، یان

دەنگگۆڕینە لە کاری فیلمسازیدا کارێکی ئاساییە، تەنیا لە سینەمادا ئەم پیشە دووفاقییە بۆ کارەکتەرەکە قبووڵ دەکرێت، مادام ئێمە بێئاگاین لەم ئاڵوگۆڕانانە، کەواتە بۆی هەیە بەم شێوە تەکنیکییە جوانە جێبەجێ بکرێت، ئەم پیشە دووفاقییە بارودۆخێکی ئەوتۆ دەرەخسێنێت بۆ ئەکتەر، کە ببێتە هۆکارێک بە دەستی دەرهێنەرەوە زیاتر لە ئەکتەری شانۆیی، چونکە کاتێک ئەکتەرێکی شانۆیی بەسەر تەختەی شانۆکەدا دێت و دەچێت، نواندنەکەی موڵکی خۆیەتی، خۆی سەرپشکە لە هەموو هەڵچوون و داچوونێک و جووڵەیەک، بەڵام ئەکتەری سینەمایی لە هەموو ڕوویەکەوە جووڵەی کامێراکە (کە دەرهێنەر بڕیاری لەسەر داوە) نواندنەکەی دەستنیشان دەکات، لەوانەیە ئەکتەر لە سینەمادا بە کارێکی دەگمەن هەڵبسێت لە ڕووی بەدەنگەوەهاتنی سۆزەکانیەوە، بەڵام ئەگەر دیمەنەکە لەسەر شانەوە وێنەگیرابوو (ئۆڤەر شۆلدەر) ناتوانین ئەو بەدەنگەوەهاتنە ببینین یان هەستی پێ بکەین تەنیا لە ڕێگەی پشتی سەریەوە نەبێت. ئەوەی بۆ ئەکتەری سینەمایی دەردەکەوێت، بەتایبەتی ئەو چرکە گوزارشتەیە کە جێی ڕێزلێنانە و کلیلیشە بۆ سەرتاپای کارەکتەرەکەی، ڕەنگە مۆنتێر لێی لا بدات، یان دەرهێنەر توڕی بدات، کەسیش نازانێت بۆ تەنیا ئەم دوو کەسە ئەم کارە ئەنجام دەدەن. لەوانەیە ئەکتەرێک بگەڕێت بە دوای پێڵاوێکی لەبار بۆ کارەکتەرەکەی بگونجێت، کەچی دواتر بۆی دەردەکەوێت کە بەپێی بۆچوونەکانی دەرهێنەر لە هیچ گرتەیەکدا پێڵاوەکان دەرنەکەوتوون، ڕەنگە پێڵاوەکان بووبنە مایەی ئەوەی کە ئەکتەرەکە هەندێک لایەنی کارەکتەرەکەی دۆزیبێتەوە، بەڵام بینەر ئەمەی بە لاوە گرنگ نییە، یان ڕەنگە ئەکتەرێک کار بۆ ئەوە بکات ڕێکردنێکی شیاو و تایبەت بۆ کارەکتەرەکەی

بەری ڕەنجەکە دەخوات. یەکەمیان لە نەداری و هەژارییەکی زۆردا دەژیی وەکی مرۆڤی سەرەتایی، بەڵام دووەمیان بڕوانامەی بەرز بەدەست دەهێنێت و ژیانی مسۆگەرە لە هەموو ڕوویەکەوە، لە هەوڵی ئەوەشدایە دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەوی دیکەدا بسەپێنێت، ئەویش لە ڕێگەی سێ شتەوە: «پارە، ئایین و دابونەریت». هەڵبەتە ڕووداوەکانی چیرۆکەکە لە واقیعی ژیانەوە هەڵێهنجراوە. لە پای نووسینی ئەمەشدا کاتی خۆی بە کۆمۆنیستی تاوانباریان کردم.

*** ڕۆمانەکانت و زۆرێک لە چیرۆکەکانتم خوێندووەتەوە و تەواوی فیلمەکانیشتم بینیوە، زۆر بە باشییش ئاشنای ئەو زەمینەسیاسییەم کە تۆ کاری لەسەر دەکەیت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەمەوێت ئەو شتانەی دیکەش بزانم کە کاریگەرییان لەسەر دروستکردنی هۆشیاریی تۆ هەبووە؟**

– ئەو شتانەی تر ژیان و ئەو ژینگەیەیە کە تیایدا پەروەردە بووم و چاوم کردەوە. لە منداڵیمدا هەستم بە کوردبوونی خۆم نەدەکرد، چونکە چواردەورەکەم بە تورکی قسەیان دەکرد. لێرەدا دووبارە دەیڵێمەوە: من بە زمانی دایک کە زمانی کوردییە، خراپ قسەم دەکرد. ئەو کات دوژمنایەتی لە نێوان خەڵکی تورک و کورددا، یان بڵێین سەیرکردنی کورد و کەمایەتییەکانی تر بە چاوی دوژمنکارانە، بە ئاشکرا دیار بوو. ئەم دۆخەش وای لێ کردم هاوسۆز بم لەگەڵ ئەوانەی کۆچ پێ کرابوون و بە زۆر لەسەرماڵی خۆیان دەرکرابوون.

کاتێک منداڵ بووم و لەگەڵ منداڵی خوداپێداوەکاندا یاریم دەکرد، تێگەیشتم جیاوازیی چینایەتی یانی چی. هاوینان دایکم بۆ درەو لەگەڵ باوکمدا کاری دەکرد، زستانانیش خزمەتکاری ماڵە دەوڵەمەندان بوو. کە تەواو دەبوو پاشماوەی خواردنەکانی ئەوانی لەگەڵ خۆیدا دەهێنایەوە. ڕۆژبەڕۆژ دەمزانی ئەمە

سەرەکی لە ئەستۆدایە. لە فیلمێکی تیپیکی زانستی–خەیاڵی (fancy) هۆلیوود، جیهانی داهاتوو ڕەنگە پڕ لە شت و داهێنانی نەناسراو بێت. تەنانەت بوونەوەری سیبرنتیکی و فەزایی هەر ئەو سروشتە مرۆڤانەی ئێمەیان هەیە و هەر ئەو کارانەش دەکەن کە ئێمە دەیکەین، یان لە ڕابردوودا بۆ نموونە لە فیلمەکانی هۆلیوودی یان لە میلۆدراماکان و کردارەکان (action) ئەنجاممان دەدا. لە فیلمی «منداڵانی پیاوان» شێوەی سەیروسەمەرە نابینین، لەندەن هەر ئەو لەندەنەیە. دروست هەر بەم شێوەی ئێستا، بەڵام دوو هێندە و لە هەمان کاتدا زۆر لەوە زیاتر کە لە ڕواڵەتی ئێستایدا دەردەکەوێت. ئالفۆنس کارون بە سادەیی سەرکەوتوو بووە، کە لایەنە شاعیرانە و کۆمەڵایەتییە شاراوەکەی شارەکە دەربخەن. وێرانی و ڕووخاویی دەوروبەری شار، کامێرای شاراوە و چاودێر کە لە هەموو شوێنێکدا دەبینرێت، فیلمەکە ئەوەمان بیر دەخاتەوە کە خودی واقیع لە هەموو ئەو شتە سەیروسەمەرانەی دەتوانین لای خۆمان وێنای بکەین سەیروسەمەرەترە. پێشتر هیگڵ گوتبووی: وێنای کەسێک زیاتر لە خۆی، لە خۆی دەچێت. «منداڵانی پیاوان» چیرۆکێکی زانستی–خەیاڵی (Fancy)یە لە بارەی ئەو سەردەمەی کە تیایدا دەژین. ساڵی ٢٠٢٧ە و مرۆڤایەتی نەزۆک بووە، گەنجترین کەسی سەرگۆی زەوی کە بەس ١٨ ساڵیەتی لە دەستپێکی فیلمەکەدا لە بۆینێس ئایرس دەکوژرێت. لە بەریتانیای گەورە بۆ کاتێکی نادیار قەدەغەی هاتوچۆ ڕادەگەیەنرێت. هێزەکانی دژەتیرۆر بە دوای پەنابەرە نایاساییەکاندا دەگەڕێن، ئەمە لە کاتێکدایە کە دەوڵەت خەریکی ڕێکخستنەوەی ئەو نەتەوەیەیە کە بەرەو ڕووخان و وێرانبوون دەچێت. خەڵکانێک کە لە لەوەڕگای هێدۆنیسم لەزەتخوازیی

دەموچاوی نەخوازراویان لا دەبرد، بە مەبەستی ساختە و گۆڕینی سیستماتیکی ڕاستییەکان) فەرمانگەی پۆستی ئەمریکا جگەرەی لەسەر ئەو وێنانەی کە دوو گیتاریستی بلووز، ڕۆبێرت جۆنسون و جەکسۆن پوولاک لە سەریان کێشرابوویەوە، لا برد. ئەم چەشنە بەرگرییانە ڕاستەوخۆ بۆ ئەوە دەکرا کە بەرگری لە چێژوەرگرتنی نابەرپرسانە و مەترسیدارتر لەگەڵ بەڵگەی قەدەغەکردنی ئەو لە مژینی قووڵ و ڕەزامەندانەی لە جگەرەکە بکرێت (بە پێچەوانەی ئەو دەوڵەمەندانەی کە جگەرەکەیان بێ مژی قووڵ دەکێشن، یان سێکسیان بە تەواوی ئەنجام نەدەدا، یان وەکو ئەو کەسانەی کە شتی چەور ناخۆن). بەڵێ هەر بەو شێوەی کە لاکان گوتوویە: پاش مردنی خودا ئیتر هیچ شتێک ڕێپێدراو و ڕەوا نابێت. لە بازاڕەکانی ئەوڕۆدا کاڵاو زۆر بەرهەمی تر دەبینین کە ئەو تایبەتمەندییانەی هەیە لێیان سەندراوەتەوە: کافەی بێ کافیین، کرێمی بێ چەوری، بیرەی بێ ئەلکۆل... ئەم پێڕستە دەتوانێت درێژەی هەبێت لەمەڕ سێکسی وێنەیی، واتە سێکسی بێ سێکس! یان تێزی «کالین پاوول» لەسەر شەڕی بێوەی و کوژراو (هەڵبەت بۆ هێزەکانی خۆ) واتە شەڕی بێ شەڕ! یان چی پێ دەڵێن لەسەر پێناسەی دووبارەی سیاسەت وەکو هونەری بەڕێوەبەرانی پسپۆڕ، واتە سیاسەتی بێ سیاسەت! هەروەها چەند کولتووری کۆمەڵگە لیبڕاڵەکان لەبەر چاو بگرن وەکو ئەزموونی ئەوی تر، وەکو کەسێک کە سەمای سەرنجڕاکێش دەزانێت و ئاوەزێکی باشی مامناوەندییشی بۆ درک بە ڕاستییەکان هەیە، ئەمە لە کاتێکدایە کە دیاردەی وەکو لێدانی هاوسەر، یان دەستدرێژیی ناو خێزانی لەم کۆمەڵەدا جێگەی نابێتەوە. ئێمە کە بە جیهانە یەکەمەکان ناوزەد دەکرێین، شتێک کە ئامادە بین بۆ بەدەستهێنانی، گیانیشمان بخەینە

بێبەری لە ئەزموونی دونیای مۆڕاڵیی کرد (ئایا هەر ئەم باسە ناتوانێت لیبرالە دیموکراسییەکانیش بگرێتەوە، کە لە شەڕی دژ بە بونیادخوازەکانی دوژمنی دیموکراسی هەر بەو شێوەیە هەڵسوکەوتیان کرد کە بونیادخوازەکان دەیانکرد، توندوتیژی و توندڕەوییان دەنواند کە لە ئەنجامدا تێکڕای ڕاهێنانە دیموکراسییەکەیان و بڕوا بە ئازادییان ژێرپێ نا و پێشێلیان کرد، بەس بۆ ئەوەی دژی تیرۆر شەڕ بکەن؟ ئەوان ئەوەندە لەسەر لابردنی هەڕەشەی بونیادخوازی پێداگری دەکەن، دەیانەوێت هەموو بونیادخوازە (بێجگە لە مەسیحییەکان) بە گەورەترین هەڕەشە دابنێن، کە هەڕەشە لە ئازادیی مرۆڤ دەکات و لەم ڕێگەییەشدا ئەوەندە ئامادەن تەنانەت خودی ئازادییش دەکەنە قوربانی، هەر بە هۆی شەڕ لەگەڵ تیرۆریزمدا دەیانەوێت ئێمەش هەر ئێستا، هەر لێرەشدا ئازادیی خۆمان بخەینە ژێر پێمان، لەم کۆمەڵگەیەی کە بە ڕواڵەت مەسیحییە، ئەگەر تیرۆریستەکان ئامادەن جیهانی لەناوچوو فیدای جیهانی هەرمان بکەن، خەباتگێڕانی دژەتیرۆریش لە بەرانبەر ئەمەدا ئامادەن دیموکراسیی خۆیان لەبەر ئەو قینەی لەوەی تر (موسڵمان) هەیانە لەناو ببەن، «بوناتان ئالتێر»، «ئالان دێرشوویتز» و «سام هێریس» هەموو لەو جۆرە کەسانەن ڕێزگرتنی مرۆڤانەیان ئەوەندە خۆش دەوێت ئامادەن لەبەر ئەو ئەشکەنجە یاساییە بکەن (ئەشکەنجە ئەوپەڕی دەستدرێژیکردنە بۆ سەر ڕێزگرتن لە مرۆڤ) و پێیان وایە لە ڕێزی مرۆڤ لایەنگری دەکەن. کولتووری زاڵ بەسەر سیاسەتی ڕۆژدا سیاسەتی ترسە، سیاسەتی بەرەوڕووبوون لەگەڵ دەمارگرژییەک کە بۆی هەیە ڕوو بدات، یان دەستدرێژیکردنە سەر چوارچێوەی تایبەتی: ترس لە کۆچبەران، ترس لە مرۆڤی

ئۆرگانیکانە کار دەکات، هەروەها دەڵێت: «سیحری شانۆ لە نێو گۆڕانکارییەک چڕ دەبێتەوە، هەروەک ئەوەی لە پڕۆسەیەکی لەدایکبووندا ڕوو دەدات». کەواتە کاری ئەکتەر ئەوەیە بتوانێت یەکەیەکی زیندوو و جەوهەری بونیاد بنێت، لە نێوان جەستەو هزردا. لە دەرئەنجامدا دەڵێت: «ئەوەتا لە کۆتاییدا ئێمە باس لە نەتوانینی جیاکردنەوەی هزر و جەستە، یان ڕۆح و جەستە دەکـەین».

لە ڕێڕەوی سیمینارەکانیدا، کرۆتۆڤسکی پێشنیاز دەکات دوا ئاماژە و جووڵەی ئازارچەشتووەکانی ئارتۆ دەتوانرێت وەکو ترۆپکی کردارێکی ڕاستەقینە تەماشا بکرێت، تەنانەت ویستی گوزارشتکردن تێدەپەڕێنێت. بەو شێوەیە بە لای کرۆتۆڤسکییەوە ئەوانە کۆمەڵێک جووڵە و ئاماژەن کە پێشتر پێشبینییان بۆ نەکراوە، بەڵام وەک کۆمەڵێک جووڵەی میرات و بۆماوە تواناگەلێکی لە ڕادەبەدەر دەگرنە خۆ و پێشکەشی دەکەن.

ڕێژیسۆری پۆڵۆنی تێبینی دەکات کە ئارتۆ بەردەوام لە یاخیبووندا بووە دژی خودی ئەو کولتووورە فەڕەنسییەی لە ڕادەبەدەر عەقڵانی بووە. بەو شێوەیە ئارتۆ کاریگەریی عەقڵێکی وتارئامێز لە ڕێگەی زمانی ئاخاوتن، یان ماشێنی بیرکردنەوەوە هەوڵ دەدات گوزارشت لە نهێنی و پەرجووەکانی بوون بکات، کە دەیخاتە ژێر پرسیار و گومانەوە، هەروەها کرۆتۆڤسکی وێنەیەکی ورووژاند تیایدا ئارتۆ فۆڕمێکی دیکە لە تێگەیشتن وەردەگرێت (فۆڕمێکی تێگەیشتن کە لە ڕێگەی پێستەوە گوزەر دەکات)، تێگەیشتنێکی فیکری و جەوهەری کە لە منداڵییەوە لێی بەئاگاین.

لە نێوان ساڵانی هەشت تا دوازدەی تەمەنیدا، کرۆتۆڤسکی

ئەزموونی ئاگایی ئەکتەر، کەواتە لەسەر تواناکانی ئەو دامەزراوە کە بتوانێت لە کارەکەیدا ئەو شتانەی لە ژیاندا دابەشبوون یەکیان بگرێتەوە، وەک ماددیی ناماددی، ڕۆح و جەستە، مەرگ و خوداوەند، ئەبەدیەت و ڕەها.

لەگەڵ ئەوەی زۆربەی زۆری حەز و ویستە تایبەتی و کەسێتییەکانی بە درێژایی تەمەنی نهێنی و شاراوە بوون، بەڵام خوێندنەوەی نووسینەکانی چەندین ئاماژەی ئاشکرائامێز پیشان دەدەن کە توانیویانە لەژێر سانسۆری سۆفێتی دەرباز بن. بۆ نموونە ستانسلاڤسکی گەیشتبووە ئەو بڕوایەی دەیگوت پێویستە بگەین بەوەی کە خۆی پێی دەگوت ڕیالیزمی ڕۆحی. ئەو دەمەی ئارەزوو دەکرا ئەو دەقانە بخرێنە سەر شانۆ، بەتایبەتی دەرئەنجامی بزوتنەوەی سمبولیزم بوون. لە ساڵی ١٩٠٤ ستانسلاڤسکی داوا لە مایەرهۆڵد دەکات ئەو توێژینەوانەی لەسەر ئامادەکردنی فۆرمی ناڕیالیزمن، لە شانۆی هونەری مۆسکۆ بخاتە بەر کارکردن و بیبات بەڕێوە، بەڵام ساڵێک دواتر ئەو ستۆدیۆیەی کە دەکەوتە شەقامی پۆڤارسکایەوە، بە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە دەرگاکانی داخران، بەڵام ئەنجامەکانی ئەو ئەزموونە توانیان ئەو بڕوایە لە لای ستانسلاڤسکی دروست بکەن، کە بەهرە و لێهاتوویی مایەرهۆڵد لە بواری ڕێجیسۆریدا بێوێنەن و هاوشێوەیان نییە، مەگەر لە نێو نەوەکانی داهاتوودا، لە نێو نەوەیەکی تازەی ئەکتەراندا نەبێت. لەو سەردەمەدا ئامادەکردنێک بۆ ئەکتەر لە ئارادا نەبوو بتوانێت ئەکتەر لە چەشنی ئەکتەر (خوڵقێنەر) بەرهەم بهێنێت.

لە ساڵی ١٩٠٨دا هاوکاری نێوان ستانسلاڤسکی و گۆردن گریک لە پڕۆژەی بەرهەمهێنانی هاملێتدا ئەوە دەسەلمێنێت کە بەڕێوەبەری شانۆی مۆسکۆ، هەمیشە لە هەوڵی چاکسازیدا

ئەوەش بۆ یەکەم جار بێت. لەبەر ئەوەی لە نێو ئەو ڕاڤەکردنەی کرۆتۆڤسکی دەیکات کە لەسەر بۆچوونەکانی ستانسلاڤسکی دەڵێت، مەسەلەکە پەیوەندیی بە هاندانی ئەکتەرەوە هەیە کە بەڕاستی کردارێک بکات. ئێستا لە زەمەنی ئێستادا.

میتۆدی کردارە فیزیکییەکان کە لە لایەن ستانسلاڤسکییەوە دارێژراوە، لە لایەن کرۆتۆڤسکییەوە قووڵ کراوەتەوە، بە شێوەیەکی دروست ئەو هاودژییەی (پارادۆکسەی) پابەندی سروشتی شانۆیە (سروشتی کاری ئەکتەرە. وەرگێر) لەبەر چاو دەگرێت. ئەم کێشەیەش پێشتر لە لایەن دیدرۆ لە کتێبە بەناوبانگەکەی «پارادۆکسی ئەکتەر» دەستنیشان کراوە و خراوەتە ڕوو.

کارکردن لەسەر میتۆدی کردارە فیزیکییەکان، هەوڵ دەدات بە شێوەیەکی بنەڕەتی ڕێگە بۆ ئەکتەر خۆش بکات، ڕشتەیەکی (partition) جەستەیی و بەدیقەت پێک بهێنێت کە بتوانرێت بەرهەم بهێنرێتەوە، دووبارە بکرێتەوە و هەر جارێکیش ئەکتەر بتوانێت هەست و سۆزە هەڵچووە تازەکان و بیر و وێنە بانگەوازکراوەکان لە نێو جەستەیەوە بخوڵقێنێتەوە و بە شێوەیەکیش کاریگەرییان بەسەریەوە بنوێنن وەک ئەوەی پێشتر پێشبینییان بۆ نەکرابێت و تێڕوانینیان بۆ نەکرابێت. ئەگەر لەدەستدانی ڕواڵەتی زیندوویی لە پێرفۆڕمانسدا هاوتای هەڵەیەکی تەکنیکی بێت، هەڵەیەکی لەو جۆرە بە ڕای کرۆتۆڤسکی دەرئەنجامی ئەزموونی کارێکی مەعنەوی، ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی نییە، لەبەر ئەوەی ژیان تەنیا ئیعتبارکردنێکی پراکتیکی بۆ دەکرێت کە پابەندی کاری شانۆییە. ئەگەر ژیان ئامادەیی نەبێت ئەوا کارەکە بە کارێکی مردوو دادەنرێت. واتە ئامانجی دەستپێک کە بریتی بووە لە خوڵقاندنی نمایشێکی زیندوو، بەدەست نەهاتووە؛ واتە پێش هەموو

لە نێو داهێنانە ئەکتیڤەکانی ئەکتەردا، لە ساتەوەختێکی ئێستای ڕەوشە دیاریکراوەکان، کە ئەکتەر بە شێوەیەکی کاتی دادەبڕێت لە ژیانێکی ناوەکییانەی دینامیکیتر و ڕاستەوخۆتر.

لە ساڵانی کۆتایی ژیانی هونەریدا، ستانسلاڤسکی کۆمەڵێک دەرئەنجام بەدەست دەهێنێت لەسەر پرۆسەی کاری ئەکتەر، کە بەشداربوونی دەروناسی ئەمەریکی ولیەم جێمس و هاوتا ڕووسییەکانی ڤلادیمی باختێریڤ و ئیڤان پاپلۆڤ تیادا لەبەر چاو دەگرێت. ئەو دەروونناسانە لە بوارەکانی زانستی دەروونناسیی بابەتی و زانستی کاردانەوە (Reflexologie) زۆر پێشکەوتوو بوون. ئەو زانایانە تەئکیدیان دەکرد کە جەستە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە بەرانبەر هاندەرە دەرەکییەکان کاردانەوە دەنوێنێت و هەریەک لەو کاردانەوانەش خاوەنی سۆزێکی تایبەتن بە خۆیان، تا ئەو ڕادەیەش تەنانەت پێش ئەوەی خودی مێشک بتوانێت فریا بکەوێت جۆری ئەو سۆزە دیاری بکات کە خۆی پێشان دەدات. Gastev A K یەکێک بوو لە تایلۆریستەکان، لە هەوڵی ئەوەدا بوو جووڵە بگەڕێنێتەوە بۆ جەوهەری سەرچاوەکەی، بە ئامانجی ئەوەی یارمەتیی کرێکاران بدات بۆ گەیشتن بەوپەڕی کارایی لە کارەکانیان و بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان. Mel Gordon تێبینی دەکات ئەو بیر و بۆچوونانە سەرچاوەی ئیلهامبەخشین بوون بۆ مایەرهۆڵد، کاتێک میتۆدی بیومیکانیکی دادەڕشت.

«بەشبەشکردنی هەر لێکۆڵینەوەیەک بەسەر ئەو جووڵانەی دروستن و لە جێگەی خۆیانن، مایەر هۆڵد لە هەمان کاتدا بنەماکانی تایلۆریستی کە دەربارەی ئیقتسادکردن بوون لە جووڵە، واتە دەستگرتنەوە لە جووڵەکردن و تیۆری جیمیس دەربارەی سۆزداری، لە کاری ئەکتەر پیادە دەکرد. ئەم کارەش

ئەکتەری ڕادەکێشا بۆ نێو بوارێک کە بتوانێت بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەموو سولەمە سۆزدارییەکان، ئەزموون بکات و بە ئەنجام بگەیەنێت، کە لە دەرئەنجامی بەرەوپێشـچوونـی وەزعیەتی جەستە و ماسوولکەکانەوە دروست بوون».

لە ژیاننامەکەیدا لەو بەشەی کە لەسەر ستانسلاڤسکییە، jean Benedetti دەگێڕێتەوە: «لە دوا مانگەکانی کۆتایی ژیانیدا، ڕێجیسۆری ڕووسی و قوتابییە دێرینەکەی: مایەر هۆڵد، کاریان دەکرد لەسەر ئاوێتەکردنی لێکدان و تێکهەڵکێشکردن (synthese) بیومیکانیک و میتۆدی کردارە فیزیکییەکان» لەگەڵ ئەوەی ستانسلاڤسکی لەو کاتەدا مایەرهۆڵدی بە تاکە میراتگری خۆی دادەنا، لەبەر ئەوەی فاختانگۆڤ سالآنێک بوو کۆچی کردبوو، بەڵام ستانسلاڤسکی ئیتر هێندە نەژیا بتوانێت ئەو پڕۆژەیە بەکام بگەیەنێت، بەڵام پێشوەخت بە هۆی داڕشتنی میتۆدی کردارە فیزیکییەکانەوە ستانسلاڤسکی توانیبووی پڕۆژەیەکی سەرکەوتوو سەبارەت بە کاری ئەکتەر گەڵاڵە بکات، کە بێ هیچ گومانێک لەسەر تەوژمی هەڵچوونە ناوەکییەکان دامەزرابوو، هەروەها ئەو بنەمایانەی تیادا دەرخستبوو کە تەوژمە ناوەکییەکان کردارە جەستەییە ئۆرگانیکییەکان دەخوڵقێنن، ئەمانیش بە ڕۆڵی خۆیان بیر و وێنە بانگەوازکراوەکان و یادەوەرییەکان و سۆزەکان پیشان دەدەن.

## تەوژمە ناوەکییەکان (LES IMPULSION)

لە بەشی هەشتەمی کتێبی خوڵقاندنی ڕۆڵێک (Creating a role) کە لە ژێر ناونیشانی «لە کرداری جەستەییەوە بەرەو وێنەی زیندوو»دایە، تۆرتسۆڤ و ستانسلاڤسکی دەستەواژەیەکی گرنگ و سەرەکیی سەبارەت بە میتۆدی کردارە فیزیکییەکان

دەورووژێنن، ئەویش «تەوژمی هەڵچوونە ناوەکییەکانە، بەم جۆرە بۆ قوتابییەکانی ڕوون دەکاتەوە: «لەم ساتەوەختەدا بۆ خوڵقاندنی کردارەکان، هەوڵ دەدەم تەنیا تەوژمە ناوەکییەکان تەحفیز بکەم، پاشان بە هۆی پرۆڤەکانەوە جێگیر بکرێن، بەڵام سەبارەت بە خودی کردارەکان ئەوانە دواتر خۆیان بە شێوەیەکی سروشتی گەشە دەکەن».

ئێستا دەبا ئەم گوتانەی تۆرستۆف بە ئەوانەی کرۆتۆڤسکی بەراورد بکەین:

«دەتوانن مەشق بە خۆتان بکەن لەسەر کردارە فیزیکییەکان، هەوڵ بدەن پێکهاتەیەکی کردارە فیزیکییەکان دروست بکەن بە مانەوەتان لەسەر هەمان ئاستی تەوژمەکان، واتە کردارە فیزیکییەکان جارێک دەرناکەون، بەڵام ئەوەتان لە نێو جەستەدان، لە حاڵەتی ترپەدان. پێش هەموو کردارێکی فیزیکی تەوژمێک هەیە لە ناخی جەستەوە سەر دەردەهێنێت، دەتوانین لەسەر ئەوە کار بکەین».

لێرەدا ڕوون و ئاشکرایە ستانسلاڤسکی و کرۆتۆڤسکی باس لە پرۆسەیەکی هاوشێوە دەکەن، کە ڕێگە بە ئەکتەر دەدات ڕشتەیەکی فیزیکیی زیندوو بخوڵقێنێت. هەر لە هەمان بەشی ئەو کتێبەدا تۆرۆستۆف تێبینی دەکات تەوژمەکان توانای خوڵقاندنی کردارە فیزیکییەکانیان هەیە و توانای بەشداریکردن دەکەن لە دینامیکییەتی خوڵقاندن لە لای ئەکتەر: «هەست دەکەم کردارە کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان وا خەریکن دەبن بە کۆمەڵە یەکەیەکی فراوانتر، کە هەموو ئەو یەکانە هێڵێک بۆ کردارە بەدوایەکهاتووەکان و مەنتیقییەکان پێک دەهێنن و ئەو هێڵە سەر دەردەهێنێت. ئەو یەکانە بۆ پێشەوە هوروژم دەبەن، جووڵەیەک

دەخولقێنن، ئەو جووڵەیەش ژیانێکی ناوەکییانەی ڕەسەن دەهێنێتە ئاراوە. چەند بەردەوام ئەو دیمەنە دووبارە بکەمەوە، هێندە زیاتر ئەو هێڵە خۆی بەهێز دەکات و هێندەش زیاتر هێزی ئەو جووڵەیە و هێزی ئەو ژیانە چڕ دەبێتەوە».

بە هەمان شێواز، تۆماس ریشارد دەڵێت کرۆتۆڤسکی ئاماژە دەکات و دەڵێت: «تەوژمە ناوەکییەکان یەکە سەرەتاییەکانی نواندن پێک دەهێنن، هەروەها ئاست و توانا بنچینەییەکانی نواندن بریتین لەو تەوژمانەی لە نێو کردارەکاندا درێژەیان پێ دراوە»، لێکچوونێکی ئاشکرا بەدی دەکرێت لە نێوان ئەو دوو شێوازەی ڕاڤە کراوە سەبارەت بەوەی تەوژمەکان چ مانایەک دەبەخشن لە ناوەڕۆکی پرۆسەی کاری ئەکتەردا. بە بۆچوونی ستانسلاڤسکی کردارە فیزیکییە ئۆرگانیکییەکان کاتێک لەدایک دەبن، کە هەوڵ بدرێت تەوژمە ناوەکییەکان بۆ کردار تەحفیز بکەین. کرۆتۆڤسکی لە نێو دەستەواژە تایبەتییەکانیدا بەم شێوەیە ئاماژە بۆ تەوژمەکان دەکات: «تەوژمەکان پێشتر لە نێو جەستەدان»؛ هەروەها دەربارەیان دەڵێت: «لە ناخی جەستەوە هوروژم دەهێنن»، لە کاتێکدا لە لای ستانسلاڤسکی دەگوترێت: «تەوژمەکان بۆ پێشەوە هوروژم دەبەن و جووڵەیەک دەخولقێنن» واتە ژیانێک دەخولقێنن.

وەک ریشارد ئاماژەی پێ دەدات، کرۆتۆڤسکی بە جۆرێک دەڕوانێتە تەوژمەکان وەک ئەوەی لە گرژبوونێکی ماسوولکەییەوە هاتبن. دەڵێت: کاتێک دەمانەوێت کارێک بکەین، گرژبوون و پاڵەپەستۆیەکی دروست لە ناخدا هەیە و ئاڕاستەی دەرەوە دەبێت. ریشارد ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێت: کردار لە هاندەرێکی فیزیکییەوە لەدایک دەبێت، کە لە ڕاستیدا لە ئەنجامی گرژبوون و فشاری هەندێک ماسوولکەی جەستەوە

(جیاوازیی بنەڕەتی) لە نێوان میتۆدی کردارە فیزیکییەکان و لە نێوان کارەکانی ئەودا خـۆی دەبینێتـەوە، لـە تێـڕوانینـە تایبەتییەکانی هەر یەک لە ڕێجیسۆری ڕووسی و ڕێجیسۆری پۆلۆنی کە سەبارەت بە تەوژمەکان هەیانە. «لە ڕاڤەکردنێکی کرۆتۆڤسکییەوە، کارکردن لەسەر کردارە فیزیکییەکان تەنیا دەرگایەکە بۆ چوونە نێو تەزووە زیندووەکانی تەوژمەکان، بە هیچ شێوەیەک بۆ بونیادنانەوەی ژیانێکی ڕۆژانەیی نییە»، بەڵام وەک ڕیشارد ڕوونی دەکاتەوە بە لای ستانسلاڤسکییەوە تەوژمەکان بە تەنیا لەسەر ڕووبەری دەرەوەی جەستە (وەک چاو و جووڵەکان-میمیک) خۆیان پیشان دەدەن. کەچی بۆ کرۆتۆڤسکی «ئەکتەر دەگەڕێت بە دوای جەوهەری تەزوویەکی ژیان» تەوژمەکان لە ناوەوە ڕیشەیان داکوتیوە لە جەستەدا، دواتر بەرەو دەرەوە پەل دەهاوێن و بڵاو دەبنەوە؛ هەروەها ڕیشارد تێبینی دەکات: «بەرەوپێشچوون و پەرەسەندنی کارەکان لەسەر تەوژمەکان شتێکی لۆجیک و دروستە، ئەگەر ئەوە لەبەر چاو بگرین کرۆتۆڤسکی لە نێو جەستەیەکی ئازاد (کە بلۆک نەبێت)، لێکۆڵینەوە و گەڕان بە دوای تەوژمە زیندووەکان دەکات، کە بەرەو کەماڵ و گشتگیرییەکی جیاواز لە کەماڵ و گشتگیری نێو ژیانی ڕۆژانە خۆی ئاڕاستە دەکات. لە کاتێکدا لە لای کرۆتۆڤسکی پرۆسەی کارکردنی ئەکتەر کە لەسەر تەوژمەکان دامەزراوە، بەسەر پانتاییەکی بانئاسایی ژیانی ڕۆژانەوە خۆی پیادە دەکات، بەڵام لە لای ستانسلاڤسکی تەوژمەکان سنووردار کراون بەو کردارە فیزیکیانەی کە جووڵە و هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆژانەییەکان دەکات بە ئامانج و لە چوارچێوەیەکی ڕیالیستدا دێنە ئاراوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕێجیسۆری ڕووسییش بەهاگەلێکی زۆر

## ناواخن


سینەما چییە؟ ٥
شارستانییەتی وێنە لە ئیمپریشینیزمەوە بۆ سینەما ١١
سینەما، زمانی هاوبەشی جیهانی هاوچەرخە ٤٩
پییر پاولۆ پازۆلینی لە ژێر ئاڵای ڕامبۆدا ٥٩
پەیوەندیی وێنە و دەنگ ٩٣
هۆلیوود و جیهان ١٠٩
سینەما ١٢٩
زاراوە هونەرییەکان ١٤١
ڕەوتی مێژووی موزیکی فیلم ١٥١
یەڵماز گوینای ١٥٧
فیلم و فەلسەفە ١٦٥
ئێمەی ترساو لە هەموو شت ١٧٩
لە هونەری ئەکتەرەوە لە لای ستانسلاڤسکی ١٩٥
ئەو دە فیلمەی لە یادەوەری ئۆسکاردا ٢٢٧
بە نەمری ماونەتەوە

